
# ٧٠٠ لاپەڕە بەرهەمی بڵاونەکراوەی مەولەوی لەئێران دەدۆزرێتەوە

ئا: ئاوێنە



بەم دواییانە بنەماڵەی مەولەوی تاوگۆزی، لە تاران بەرهەمێکی شیعریی بڵاونەکراوەو دەستنوسی ئەم شاعیرە ناسراوەی کوردیان دۆزیوەتەوە. بەمەبەستی کۆپی کردنیشی بەکەفالەتی ٢٠٠ملیۆن تومانی ئێرانی هێناویانە بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمو ئێستا لەبەردەستی ژمارەیەک ئەدیبو لێکۆڵەردایە.

مەولەوی کەنازناوە شیعرییەکەی مەعدومیە ناوی سەید عەبدولڕەحیمی تاوگۆزییە ،ساڵی ١٢٢٢ی کۆچی لە گوندی سەرشاتەی ناوچەی تاوگۆزی نزیک لە هەڵەبجەی شەهیدلەدایک بووە، پاش گەشتو گەڕانێکی زۆر بەکوردستانی عێراقو ئێراندا بەمەبەستی خوێندنو کاری مەلایەتیو لەدوای ئەوەی لەگەڵ خانمێکی ئەفغانیدا بەناوی عەنبەر خاتوون خێزانی پێکەوەنا، لە ساڵی ١٨٨٢ی زایینی لە کاتی گەڕانەوەی لەسەردانی دۆستێکیدا لەنزیک هەمان شوێنی لەدایک بوونی واتە گوندی سەرشاتە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی لەسەر ئەسپ کۆچی دوایی کردووە.

سەید موحسین محەمەد، کە یەکێکە لەپیاو ماقوڵانی عەشیرەتی تاوگۆزیو کوڕەزای مەولەوی شاعیرە لەدیمانەیەکی تایبەتدا بەئاوێنە ئەوەی روونکردەوە کە ئەو لەتارانی پایتەختی ئێران، بەهۆی هەندێک لە خزمانو کەسایەتییە ماقووڵو ناودارەکانی عەشیرەتی تاوگۆزییەوە لە کوردستانی رۆژهەڵات، توانیویەتی ئەم بەرهەمە بڵاو نەکراوەیەی مەولەوی دەست بخاتو گوتی: "بەکەفالەتی ملیۆنێک تومان هێناومە تا کۆپی بکەمو دواتر بیگێڕمەوە بۆ کتێبخانەی بەرپرسێکی قەزایی لەتاران".

ئەم بەرهەمە تازەیە پتر لە ٧٠٠ لاپەڕەیەو بەزمانەکانی فارسیو عەرەبیو کوردییەکی تێکەڵ بەو دوو زمانە لەسەر پەڕەی زەردو بەمەرەکەب نوسراوەتەوەو جگە لە ژمارەیەکی زۆر هەڵبەستو شیعری جۆراوجۆر، چەندین لاپەڕەشی لەسەر فەلسەفەو تەسەوفو ژیربێژی تێدایەو بەگوتەی ئەوانەی کە تا ئێستا کتێبەکەیان دیوە بەدەستو خەتی مەولەوی خۆی نوسراوەتەوەو نێردراوە بۆ ئەمانوڵلاخانی والی ئەوکاتی سنە بۆ ئەوەی ئەرکی بڵاوکردنەوەی بگرێتە ئەستۆ.

سەید موحسین تاوگۆزی ئەوەی گێڕایەوە کە یەکەمجار بەهۆی سەفەرێکی تارانەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی، سەردانی خزمانی عەشیرەتی تاوگۆزی کردووە لەئێرانو لەوێ ئەوەی بەرگوێ کەوتووە کەلەکۆنفراسێکی ئەدەبیدا لەشاری سنە کەتایبەت بەبەرهەمی شیعریی مەولەوی سازکرابوو ئیمام جومعەی سنە، ئاغا حیسامی موجتەهیدی ئەوەی درکاندووە کە بەرهەمێکی بڵاونەکراوەی مەولەوی لایەو دەڵێت: "منیش بەهاوکاری لێبڕاوانەی چەند کەسایەتییەکی بەڕێزی تاوگۆزی ئێران بەدوای ئەم قسەیەدا چوومو سەرەنجام لەتاران کتێبەکەمان دەست کەوت".

مەولەوی کەسایەتییەکی دیاری بواری تەسەوفو واتاسازیو شیعری وەسفو جوانکارییەو بەقسەی ڕەحمەتی مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس شاعیرێکی هەست ناسکو قسەزانێکی نوکتەباز بووەو لەبارەیەوە دەڵێت: "وردیو ناسکیو سۆزی غەزەلیاتی مەولەوی لەهەموو کۆڕێکی ئەدەبیدا ناوبانگی دەرکردووەو بووەتە ویردی سەرزوبانی هەموو خاوەن هەستێکی ناسک".

ئەم بەرهەمە بڵاونەکراوەیەی مەولەویش تێکەڵەیەکە لەهەمان ئەوبابەتانەی کە لەبەرهەمە شیعرییەکانی تریدا رەنگی داوەتەوەو ئەو لەنێو تاوێرەکانی گوندی سەرشاتەو لەمیانەی گەشتو گەڕانەکانیدا هەرلەمزگەوتی مەڵکەندی شاری سلێمانییەوە تاسنەو سەقز؛ بەشیعرەکانی وێنای سروشتێکی جوانو ڕەنگین دەکێشێتو بەئالودە بوونو قووڵ بوونەوەشی لە عیلمی کەلامو بەتەسەوفو واتاسازی بەهەشتێکی رۆحی جوانی لەشیعرەکانیدا نەخشاندووە.

سەید موحسین، هێمای بۆ ئەوەکرد کە ئەو لەبارەی بەرهەمەکەوە لەئێران گەلێک پرسیاری لەشارەزایانی ئەدەب کردووە لەو وڵاتەوەو گەشتوەتە ئەو ڕایەی کە مەولەوی بەر لە ١٦٤ ساڵو لەتەمەنی ٤١ ساڵیدا ئەم بەرهەمەی نوسیوەو بەمەبەستی بڵاوکردنەوە ناردوویەتییە لای ئەمانوڵلاخانی والی ئەوکاتەی سنە تابۆ بڵاوبکاتەوەو گوتی: " ئیتر نازانرێت بۆچیو لەبەرچی بڵاوی نەکردوەتەوە".

سەبارەت بەچۆنییەتی پاراستنی بەرهەمەکەش لەوکاتەوە تا ئێستا سەید موحسین ئەوەی گێڕایەوە کە ئەمانوڵلاخان بەرهەمەکەی سپاردوەتە موفتی شاری سنە مەلا عەبدولعەزیم موجتەهیدی بۆ ئەوەی پێیدا بچێتەوەو لەوکاتەوە لەکتێبخانەی ئەم خانەوادەیەدا ماوەتەوە تا گەشتوەتە دەست ئیمام جومعەی ئێستای ئوستانی کوردستان مەلا حوسامی موجتەهیدی کە کوڕەزای موفتی کۆنی شاری سنەیە.

ئیمام جومعەی سنەش بەرهەمەکە دەداتە دەست سەرۆکی دادگای پێشووی کرمانشاە کە ئێستا لەتاران دادەنیشێتو دەڵێت: " ئیمام جومعەی کوردستان بەو پەڕی سنگ فراوانییەوە رەزامەندی دەربڕی بە پێدانەوەی کتێبەکە".

لەهەمان کاتدا ناوبراو باسی لەوەش کرد کە کاتێک چووەتە تاران بۆ وەرگرتنی کتێبەکە کەفالەتی ٢٠٠ ملیۆن تومانی ئێرانییان لێ وەرگرتووە تا نوسخە ئەسڵەکە بگێڕێتەوەو گوتی: "ئێستا سەرقاڵی کۆپی کردنو سکان کردنیمو دواتر دەیگێڕمەوە بۆ ئاغای مەدەنی فەڕ کە سەرۆکی پێشووی دادگای کرمانشاە بووە".

بەوتەی خەڵکە بەتەمەنەکانی گوندی سەرشاتەو عەشیرەتی تاوگۆزی مەولەوی شاعیر جگە لەوەی کۆمەڵێک کارەساتی وەک مردنی خێزانو کوڕەکەی بەسەردا هاتووەو کاریگەری لەسەری هەبووە، جارێکیش کتێبخانەکەی سوتێنراوەو دۆزینەوەی ئەم بەرهەمە نوێیەشی پرسیار لەسەر کۆی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرو موتەسەویفە دروست دەکات.

سەید موحسین تاوگۆزی بەنیگەرانییەوە باسی لەوەکرد کە هەندێک نووسەر کە پێی ناخۆش بووە ئەم بەرهەمە شیعرییە ناوازەیە بەوشێوەیە ئاشکرابێتو گوتی: " لەبەر ئەوەی کە نەبووەتە دەستە گوڵی ئەوان، دەبیستم لەملاولا خەریکی گومان دروست کردنن".

ناوبراو کە چوەتە ناوەڕاستی تەمەنەوەو پیاوێکی باڵابەرزی ڕێک پۆش بووە، لەنێو مەجلیسێکی خزمانیدا جەختی کردەوە لەوەی کە ئەو بەرهەمە هی مەولەوییەو بەڵگەشی بەوەهێنایەوە کە مەولەوی لەکۆتایی کتێبەکەیدا ناوی خۆی بردووەو باس لەوە دەکات کەڕەنگە خەڵکانێک ئەم قسەوباسانەی ئەو بەبەتاڵ بزانن و...هتد.

لەکۆتاییشدا سەید موحسین تاوگۆزی لەڕێگای ئاوێنەوە بەڵێنی ئەوەی بە خوێنەرانو هەوادارانی شیعرە ناسکو پڕ جوانییەکانی مەولەوی دا کە دوای ساغ کردنەوەو لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر بەرهەمەکە کار بۆ چاپکردنو بڵاوکردنەوەی دەکاتو دەیکاتە دیاری بۆ کتێبخانەی شیعری کوردی.

ئەوەی ماوەتەوە بوترێت ئەوەیە کە ئەم میراتە گەورەیەی کورد بۆچی لەزێدی خۆیدا نەپارێزرێت بۆ تەکلیف لەحکومەتی ئێرانی نەکرێت بەگێڕانەوەی ئەو بەرهەمەو پاراستنی لە لەمۆزەخانەکانی کورددا، ئەم کارە هەم لەروی یاساییەوە دەتوانرێت کاری بۆبکرێت وەک بەرهەمێکی نەتەوەیی هەم دەشتوانرێت ئەو برە پارەیەی کە بە کەفالەت کراوە بدرێت بەو دەستگایەو کتێبەکە جارێکی بێتەوە باوەشی نیشتمانی خۆیی.